# ڕوتێکردنو کشانەوەی سیاسیی

**ناسر حەفید**

مەبەستم لە ڕوتێکردنی سیاسیی ئەوەیە، کاتێك جەماوەر بەگشتیی ڕوو دەکاتە دەسەڵاتێك، ئایدۆلۆجییەك، یان بەرنامەیەك. دوو خاڵی سەرەکیی لە ڕوتێکردنی سیاسییدا هەیە. یەکەم، باوەڕو هیوا بە ڕوتێکراو دووەم، ڕوتێکردن جەماوەرێکی زیاد لە ئەندامانو هەوادارانی ڕوتێکراوەکە دەگرێتەوە. پێچەوانەی ڕوتێکردنیش کشانەوەی سیاسییە، کاتێك جەماوەر باوەڕی بە ڕوتێکراو نامێنێتو بێهیوا دەبێت لێی.

لەناو کۆمەڵگای کوردئاسادا، بەرنامە جێگای سەرنجە. زیاتر ڕوو دەکرێتە کەس، ئایدۆلۆجیی یان ڕێکخراو. ڕوتێکردنو کشانەوەی سیاسیی پرۆسەیەکی مێژوویین، کە کاتیان هات زەحمەتە بە فاکتەری ڕۆژ بەریان لێبگیرێت. لە خوارەوە پەنجە بۆ چەند نموونەیەك ڕادەکێشم:

لە سەردەمی جەنگی جیهانیی یەکەمدا، دوای ئەوەی کە گفتو بەیانەکانی بەریتانیاو فەرەنسا دەربارەی ڕزگاریی گەلان درۆ دەرچون، ئایدۆلۆجی کۆمۆنیزمو دەسەڵاتی یەکێتی سۆڤییەت بوون بەجێگای باوەڕو هیوای جەماوەری گەلانی ناوچەکە. کە جوڵانەوەی چەکداریی کورد ساڵی ١٩٦١ دەستی پێ کرد جەماوەر بڕوای خۆیدا بە سەرانی ئەم جوڵانەوەیەو ڕویان تێکردن. ساڵی ١٩٧٦ کاتێك جوڵانەوەی چەکداریی دەستی پێ کردەوە چەند ڕێکخراوێك چوونە شاخ، بەڵام لەناو هەموویاندا کۆمەڵە ڕوتێکردنی سیاسیی بەدەستهێنا. ساڵی (١٩٩٢)ش کاتێك پەرلەمانی کوردستان، هەڵبژێردرا جەماوەر باوەڕو هیوایەکی گەورەی پێی بوو. لە دوای ئەم هەڵبژاردنەوە ڕوتێکردنی سیاسیی لە هەڵبژاردنی ڕۆژی (٢٠٠٩/٠٧/٢٥)دا خۆی دەرخست، کە ڕوویکردە نەوشیروان مستەفا. جەماوەرێکی بەرفراوان، دەنگی دا بۆ لیستەکەی. یەکەم شتیش کە ناوبراو کردی ئەوە بوو، کە دوای هەڵبژاردن خۆی لە لیستەکە هاتە دەرەوە.

### کشانەوەی سیاسیی

باوەڕدروستبوونو هیواپەیدابوون بە ڕوتێکراو بێ بناغە نییە. ڕوکردنە کەسێك، ئایدۆلۆجییەك یان پارتێك بێ خواستو چاوەڕوانیی لە ڕوتێکراو نابێت. کاتێك کە جەماوەری ڕوتێکەر باوەڕی بەوەنەما، کە ڕوتێکراو خواستەکانی دێنێتە دی ئیتر باوەڕو هیوای پێی کز دەبێت. تا پلەی بێباوەڕییو بێهیوایی ڕوتێکەران زیاتر بێت، ڕوتێکراو زیاتر توشی کشانەوەی سیاسیی دەبێت.

کۆمۆنیزم دیارە لە زۆر شوێنی جیهان کەمو زۆر توشی کشانەوەی سیاسیی بووە، بەڵام ساڵی ١٩٨٩ کە دیواری بەرلین ڕوخاو سیستێمی کۆمۆنیزم نەما توشی تەبەق بوو. (تەبەق نەخۆشییەکی کوشندەیە لە سمی ڕەشەوڵاخ دەدادو ئیتر لە ڕۆشتنی دەخات.) جوڵانەوەی چەکداریی کورد ساڵی ١٩٦٤ کە بوو بە دوو بەشەوە، جەماوەر بەگشتیی باوەڕی پێیان لاواز بوو. ساڵی ١٩٧٥ کە جوڵانەوەی چەکداریی ئاشبەتاڵی کرد، سەرانی جوڵانەوەکە توشی کشانەوەیەکی کوشندەبوون. لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ڕۆژی (٢٠٠٩/٠٧/٢٥)دا دەرکەوت، کە یەکێتی توشی کشانەوەی سیاسیی بووە.

ئایا چۆن مرۆڤ خۆی لە کشانەوەی سیاسیی دەپارێزێت، چۆن دەکەوێتە ڕوتێکردنەوە، ئەمانە بە جێگای خۆیان. ئەوەی لێرەدا جێگای باسە ئەوەیە، ئایا چۆن ڕوتێکردنو کشانەوەکان لە هەڵسەنگاندنو تێگەشتنو هەڵوێستەکانماندا ڕۆڵ دەبینین؟

### ئایدۆلۆجیی

شتێك لەو شتانەی کە دەبێتە جێگای باوەڕو هیوای مرۆڤ ئایدۆلۆجییە. ئایدۆلۆجیی قاڵبێك دائەڕێژێت بۆ بیرکردنەوەو تێگەشتن. ئەو ڕوانگانە دیاری دەکات، کە لێوەیانو هەروەها بەپێیان مرۆڤ پێوانەو هەڵسانگاندنو سەرئەنجام تێگەشتن دروست دەکات. بۆ نموونە ئەگەر لە ئایدۆلۆجیی کۆمۆنیزم ورد ببینەوە بەگشتی، وا لەکۆمەڵ دەڕوانێت، کە پێکهاتووە لە ژمارەیەك چینی دژ بە یەكو لە هەمان کاتیشدا، بۆ یەك پێویست. وەکو چینی بۆرجوازییو چینی کرێکار، کە یەکەم پێویستی بەهێزی کارەو دووەم پێویستی بەئیشە، کە سەرمایە دەیخاتەوە. ئەمە بەپێچەوانەی فەلسەفەی ترەوە، کە لایوایە چینەکانی کۆمەڵ، یەکتریی تەواو دەکەن. لە شۆڕشی فەڕەنسیدا، سلوگانی «برایەتیی» پێچەوانەی ئایدۆلۆجیی کۆمۆنیزم بوو، چونکە کۆمۆنیزم بڕوای بە برایەتیی لەنێوانی چینە جیاوازەکاندا نییە. ڕوانین لە ڕوانگەی ئەم بیرەوە ئەوە دروست دەکات، کە لایەنی بەرامبەر بە ناحەز بناسرێت. لە کوردستانی خۆماندا، ئەم تەرەقانە لەهەر کەس درابێت بەچاوی ڕق، دوژمن یان نەفرەتەوە سەیر کراوە: ئاغا، شێخ، مەلا، حاجی، بۆرجوازیی، بۆرجوازیی بچوك، جوتیاری هەلپەرست، بازرگانو خاوەن موڵك. تەنها چینی کرێکار، کە بە حساب دەبێت حوکم بگرێتە دەست، دەمێنێتەوە. ئەم چینەش لە کوردستاندا هەرگیز وەکو هێزێکی سیاسیی نەبووە. ئەوەی کە بەناوی چینی کرێکارەوە قسەی کردووە، خۆی کرێکار نەبووە. زۆربەی ئەم بەرپرسانەی ئێستای کورد کە خاوەن حیمایەو سامانی ناشەرعیین کاتی خۆی بەناوی دادپەروەریی مارکسیزمەوە، خەڵکیان حوکم ئەدا.

تیوریەکی تری ئەم ئایدۆلۆجییە، ئەوە بوو کە ناوەڕۆکی خودی هەر جوڵانەوەیەك، خۆی بەس نییە بۆ ئەوەی بە پێشکەوتنخواز بناسرێت. ئەگەر پێوانەکە وا کەوتەوە، کە ئەو جوڵانەوەیە دژی ئیمپریالیزم بوو ئەوا پێشکەوتنخوازە با خودی جوڵانەوەکەش پادشایەك سەرکردەی بێت. بەڵام ئەگەر دژی دەوڵەتێك بێت، کە لەبەرەی سۆڤییەتدا بێت، ئەوا بە کۆنەپەرست دەشکێتەوە، هەرچەندە ئەم جوڵانەوەیە پارتێکی سۆسیالیستیی سەرکردەیی بکات. بۆ نموونە لە مانگی پێنجو شەشی ساڵی (١٩٢٠)دا کاتێك، کە نوێنەری هاوپەیمانەکان لەگەڵ نوێنەری تورکو ئەرمەندا لە سیڤەر ئیمزای ڕێککەوتنیان ئەکرد، کۆمۆنیستەکان شانبەشانی هێزی کەمال ئەتاتورکو هێزی ڕوس لە (١٩٢٠/١٢/٠٢)دا حکومەتی ئەرمینیایان ڕوخاند (٢٩/١).

### پارتو سەرکردەو پرۆگرام

لەناو کۆمەڵگای نادیموکراتییدا، ڕێکخراو زیاتر بۆ دروستکردنی سەردارێکە، کە هەموو مافێکی بڕیار بخرێتە دەستییەوە. ئەم کەسەش ئەبێت کەسێکی جیا بێت لە هەموو. کاك نەوشیروان مستەفا دەڵێت: «مەلا مستەفا لای خەڵك کرا بو بە سەرکردەیەکی ئەفسانەیی لە شکان نەهاتوو، بگرە بە بتێکی پەرستراو (٥٤/٢).» لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ڕۆژی (٢٠٠٩/٠٧/٢٥)شدا، گردەکەی کاك نەوشیروان مستەفایان ناو دەبرد بە «گردی پیرۆز». چونکە لە یەکێتی نیشتیمانیشدا بڕیار لە دەستی (مامجەلال)دا بووەو مەکتەبی سیاسیی تەنها بۆ دیکۆر بووە، ئەوا کاك نەوشیروان مستەفا چەند جارێك، کە بڕیارەکانی ئەوی پێ قوت نەچوویێت، ئەوەی بۆ ماوەتەوە کە خۆی لە یەکێتی دورە پەرێز بگرێت. دیارە وا بیری کردووەتەوە کە مافی بڕیار هی ئەوە.

بەرنامەو پرۆگرام بۆ ڕەچاوکردن نییە. پارتی دیموکراتی کوردستان هەرچییەك بێت دیموکرات نییە. کەسیش بۆئەوە ئەندام نییە، کە هەوڵ بۆ دیموکراتیی بدات. هەر پارتێکی تری کوردیی بگریت، بەرنامەو پرۆگرامەکەی هیچ پەیوەندییەکی بە کارو ڕاستیی پارتەکەوە نییە. ئەندامەکانیش وایان حساب نەکردووە، کە بەرنامە بۆ ئەوە بێت جێبەجێ بکرێت. جەوهەری لەگەڵبوون، لەگەڵ پارتێك باوەڕو هیوابوونە بەو پارتەو بەس، نەك لە ڕێگای ئەو پارتەوە سیاسەتو بەرنامەیەکی دیاریکراو بە ئەنجام بگەیەنرێت. لە ڕێگای باوەڕو هیواوە بە لایەنێك باوەڕپێبوو ملکەچیی خۆی ڕادەگەیەنێتو بێ مافیی خۆی دەخاتە دەستی ئەوە لایەنەوە، بۆ ئەوەی هەموو مافێکی بڕیار لە دەستی باوەڕپێکراودا، کەس بێت یان ڕێکخراو، کۆببێتەوە. جەماوەر کە لە هەڵبژاردنی (٢٠٠٩/٠٧/٢٥)دا دەنگی دا بۆ لیستی گۆڕان، لەبەر ئەوە نەبوو کە بەشداریی بکات لە جێبەجێکردنی بەرنامەو پەیامەکانی نەوشیروان مستەفادا. ڕاگەیاندنی گردەکە، ناوەڕۆکێکی تازە پیشان نادات و لاوازیشە. پەیامەکانی نەوشیروان مستەفا نەبێت، کە گفتی گرگن بە کۆمەڵ، کەچی وەکو بەرد کەوتنە ناوگۆمەوە، نەبوون بە جێگای گفتوگۆ. جەماوەر کە دەنگی دا بۆ لیستی گۆڕان، بۆ ئەوە بوو کە دەسەڵاتدارێکی تازە دروست بکات، بۆئەوەی بەرانبەر بە دەسەڵاتدارە کۆنەکە پێی بوەستێتەوە، بەڵام کاك نەوشیروان مستەفا بەحوکمی هەندێك فاکتەر، بە هەلومەرجی خۆی دەڕوات نەك بە گوێرەی ویستی جەماوەر.

لە بواری نوسینیشدا، بڕوابوون بە نوسەر دەرگا لە سەرواتای نوسینەکە دەکاتەوە. دەگێڕنەوە جارێك لە کەسێك دەپرسن، کە تۆ لە شیعرەکانی بابلۆ نیرودا تێناگەیت بۆچی چەپڵەیان بۆ لێدەدەیت؟ ئەویش لەوەڵامدا دەڵێت: چونکە بڕوام پێیەتی. کامەران قازی لە نوسینێکدا دەربارەی شێرکۆ بێکەس، کە دەڵێت دەنگ بدەن بە سەوز، دەنوسێت: «چەند هەستم بە کەمی خۆم کردو کێوی هیوام ڕما. هەستم کرد چەند درۆزن بووم، ئەو ڕۆژەی خەڵکی گوندی قزلەرم بانگ کرد، پێم وتن: "وەرن گوێ لە وشەی وەك گوڵ بگرن" (٣). پیرۆزییو قورسایی ئایەتەکان، خودی تێکستەکان دروستی ناکەن، بەڵکو باوەڕبوون بە خوداوەندو ئاینەکەو هیوابوون بە پاداشتی بەهەشت دروستیان دەکەن. ژمارەیەکی زۆر کەس هەر لە ئایەتەکان تێناگەن.

ئەوانەی وشەی قەڵەو دەربارەی ئازادیی، دیموکراتییو مافی مرۆڤ ڕیزدەکەن، با وانەزانن کە هێزی قسە لە نا وشەکاندایە. هێزی وشە لە باوەڕهەبووندایە بە قسەکەر. چاو سیسکۆی سەرۆکی ڕۆمانیا، کە دوا جار لە کاتی قسەکردندا بۆ جەماوەر بەردیان تێگرت، لەبەر ئەوە نەبوو کە قسەکانی خراپ بووبوون، بەڵکو لەبەرئەوە بوو کە ئیتر باوەڕیان بەخۆیو حوکمی نەمابوو. لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی ڕۆژی (٢٠٠٩/٠٧/٢٥)ی پەرلەمانی کوردستاندا قسەی بەرپرسانی یەکێتی لەبەرئەوە بێپێز نەبوو، چونکە نەیاندەزانی وشەی جوان هەڵبژێرن، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو کە ئەوان جێگەیان لاواز بوو، یەکێتی توشی کشانەوەی سیاسیی بووە، هەرچییەکیان بووتایە هەر نەیدەخوارد. تەنانەت کە لە شەوێکدا ژمارەیەك جادەیان قیرتاو دەکرد، بەیانی خەڵك دەیوت سوپاس بۆ ترس لە سەرکەوتنی کاك نەوشیروان، ئەو نەبوایە ئەمەیان نەدەکرد. بە پێچەوانەی یەکێتییەوە کە جەماوەر باوەڕو هیوای پێی نەماوە، نەوشیروان مستەفا کەوتبووە ڕوتێکردنی سیاسییەوە. فەرهاد سەنگاویی بە هەرلایەکدا شقارتەی هەڵبایە، هەر لەسەر باریکیی دەکەوتەوە. جەماوەرێکی زۆر ئێستا بە جۆرێکی تر لە نەوشیروان مستەفا دەگەن. ئەوەی کە گۆڕاوە خودی نوسینو سیستێمی بیرکردنەوەی ناوبراو نییە، بەڵکو باوەڕی خەڵکە پێی. ژمارەیەکی زۆر کە جاران نەیدەوێرا، لایان بڵێی نەوشیروان مستەفا مێژوونوسێکی باشە، ئێستا خۆی وەکو کەسێکی بێوێنەو قسەکانیشی وەکو قسەی بێهاوتا لێکدەدەنەوە.

ڕوتێکردنی سیاسیی، ئەسپ نییە لەبەردەرگا بیبەستیتەوە. ڕوتێکراو کە بەیانی ڕۆژی لەسەر هەڵهات لەگەڵیا نەڕوات، ئێوارە سێبەری لەسەر دادێت. جیاوازیی نێوان ڕوتێکردنی سیاسییو بزوتنەوەی کۆمەڵایەتیی ئەوەیە، کە یەکەم باوەڕ پەیداکردنو هیوابوونە بە ڕوتێکراو کە مەرج نییە لەگەڵ ڕوتێکردنەکەدا بێتەوە، زیاتر ئاوات دروستی دەکات. بەڵام بزوتنەوەی کۆمەڵایەتیی هەڵگری نەژادی گۆڕانکارییە، کە سەرچاوە لە پێویستیی کۆمەڵایەتییەوە دەگرێتو ویستێکی سیاسیی دروست دەکات بۆ گۆڕان. ئەم جوڵانەوەیەی ئێستای، جەماوەر کە دەیەوێت گردەکە بکات بە هەوێنی خۆی، ڕوتێکردنی سیاسییە، نەك بزوتنەوەی کۆمەڵایەتیی.

ڕۆڵف ئیبەڤەگۆرد، مامۆستای زانکۆ لە سوید، دەڵێت: دەرسێك فێربووبێتین لە مێژوو، ئەوەیە کە دیکتاتۆر دەرس وەرناگرێت. بەڵام من باوەڕم وایە کە: دەرس وەرناگیرێت. دەرس ئەگەر وەربگیرایە کوردی عێراق پەنجەی خۆی دەبڕیو نەدەچووەوە بەردەمی هەمان سندوقی هەڵبژاردن.

هەرچەند دەسەڵاتی یەکێتی لە کاك نەوشیروان مستەفا نیگەران بێت، بەڵام قەرزاربارە بەوەی، کە ناوبراو ئاوی بۆ کردەوە ژێر بەلەمەکەی، جارێکی تر سەرکەوتووانە جەماوەری ڕاپێچ کردەوە بۆ دەنگدان.

**سەرچاوە:**

**١. د.ولید حمدی، الکرد و کردستان فی الوسائیق البریتانیە، ١٩٩٢.**

**٢. نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ١٩٩٧.**

**٣.گۆڤاری کۆنتراکت، ژمارە: ٢، سوید.**

# کولتوور، ئەنتیگرەو تیاراِمانێك لە پیرۆزییەکان

**ڕیبوار عارف**

لە ڕۆژنامەی **هاوڵاتی** ژمارە ٦١٧ بەڕێز د. ڕێبوار فەتاح بابەتێکی بەناوی «خۆگونجان لە کولتووری خانەخوێدا» بڵاوکردەوە، چ لە ڕوانگەی ئاشنابوونێکی زیاتر، بەمانا عەمەلیەکانی ئەو چەمكو تێرمەنلۆژیانەی کە پەیوەندییەکی ڕاستەخۆیان بەژیانی پەنابەرانەوە هەیەو چ بەمەبەستی ئاوردانەیەك لەو بۆچوونو لێکدانەوانە، نەمانتوانی باز بدەین بەسەر ئەم بابەتەداو لەمبارەوە جیگەی خۆیەتی هەڵوێستەیەك بکەین. بۆ ئەم مەبەستەش، باشتروایە کە وەك سەرەتایەك بگەڕێینەوە بۆ بنچینەی باسەکەی د. ڕێبوار کەدەڵێ "... ئەم دەستپێکە کورتە سێ بنەمای گرنگی بۆ ئەم باسە دەست نیشانکردوە؛ ئەوانیش کولتووری خانەخوێومیوانوخۆگونجاندن ە" پاشان لەدرێژەی باسەکەدا، دێتە سەر پێناسەی هەریەك لەم چەمکانەو دەڵێ: دیارە پێویستە بیرۆکەی «خۆگونجان، دانوساتو توانەوەدا» یەکاڵا بکەینەوە. خۆگونجان، یان ئەدەپتەیشن بەوپرۆسەیە دەگوترێت، کە کەسێك دەیەوێت لە دەوروبەرێکدا باشتر جێی بێتەوە. دانوسان، یان ئینتیگریشن لەگەڵ توانەوەدا یان ئەسیمیلەیشن، جودان. دانوسان ماناکەی پۆزتیڤەو بەو پرۆسەیە دەگوترێت، کە کەسێك یان ڕەوەندێك جێی خۆی لە کۆمەڵگەی خانەخوێدا دەکاتەوە، بۆ ئەوەی هەموو مافو بەرپرسییەك، بەدەستبهێنێت، خۆ ڕەنگە خۆگونجان بە پرۆسەیەك بەرەو دانوسان دابنرێت. هەرچی ئەسیمیلەیشنە، ماناکەی نیگەتیڤەو بەو پرۆسەیە دەگوترێت، کە کەسێك یان کۆمەڵگەیەك لە کۆمەڵگەی خانەخوێدا بتوێتەوەو ناسنامەی خۆی لەدەستبدا. لە درێژەی باسەکەدا، ڕاوەستانێکی زیاتر لەسەر کولتوورو دەکاتو دەڵێ: کولتوور ڕۆڵێکی دیاری لە ژیانی کەسەکاندا هەیە. من لێرەدا باس لەخاس کولتوورو بەد کولتوور ناکەم. ناشتوانین بڵێین، کولتورێکی باشەو یەکێکی دی خراپ. هەڵبەت کولتووری کوردی تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە ڕەنگە نامۆ بێت بەکۆمەڵگەی بەریتانیو کاریگەری نەگەتیڤیان لەسەر کەسی کورد هەبێت، کە بیەوێت ژیانی خۆی لەکۆمەڵگەیەکی خانەخوێدا دابمەزرێنێت. جا بۆیە کەسی کورد، لەکۆمەڵگای خانەخوێدا، ئاگاداری ئاستەنگییەکیان بێت، بۆ دامەزراندنی ژیانێکی بەختەوەرو دانوساو نەك گوشەگیر. کولتوور، بەشێکی گرنگە لەو دەوروبەرەی کەمرۆڤی نەخشاندوەو دەکرێ باوەڕی ئاینیش لەخوبگرێت. خۆشبەختانە، دەکرێت کلتووری جودا لەکۆمەڵگەیەکی هەمەڕەنگی وەك بەریتانیدا، بکرێتە ئامڕازی کاریگەری دانوسانو کار دۆزینەوە.

### ئەنتیگراسیۆن لەگرەوی چیدایە؟

پێشەکی گەرەکم نییە دروست بوونو نەبوونی ئەم چەمكو یا ئەو تەرمنۆلۆژی، بکەمە تایتلی سەرەکی باسەکە، بەئەندازەی ئەوەی کە بۆم گرنگە ئاوڕێك لە پەیامو ئاراستەکانی پشت ئەم چەمكو بۆچوونانە بدەینەوە. هەربۆیە دروسترە لەخاڵی جێگەوتن واتە (ئەنتگراسیون)ەوە، دەست پێبکەین، کە پرۆسەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری، فەرهەنگی) دەگرێتە خۆیو تەنیا بەلێك هەلپێکانی هەموو ئەم حاڵەتانە پەنابەر دەتوانێ بەهرەمەندبێ لە ژیانێکی باشتر. بەکردەوە هەریەك لەم لایەنانە پێکەوە گرێدراونو کاریگەرییان لەسەریەك هەیەو بەهەمانشێوە، دابڕانی هەریەك لەو خاڵانە کاریگەری نیگەتیڤیان لەسەر پرۆسەی جێکەوتنو دابینکردنی ئایندەیەکی بەختەوەر دەبێ.

بەبڕوای من، گرفتی سەرەکی خوێندنەوەکەی د. ڕێبوار، لێرەوە دەستپێدەکات، کە پرۆسەی خۆگونجاندنو ژیانێکی بەختەوەر بەر لە هەرشتێك لە گرەوی گرنگی کولتوورو ڕۆچوون لەم بوارەدا دەبینێتەوە. لەکاتێکدا، لەڕاستیدا جێکەوتن لە کۆمەڵگای نوێدا، وەك چوار پایەك بە لێکهەڵپێکانی ئەو پرۆسە (سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری، هەرنگی) یەوە بەستراوەتەوە. ئەگەرچی د. ڕێبوار بەرادەیەك گرنگی بە ژیانی کاری داوە، بەڵام زۆر یەك لایەنەو دابڕو تەماشای ئەم حاڵەتە دەکاتو هیچ بەهاو تایبەتمەندییەك بۆ هۆکارە سەرەکییەکانی دەرەوەی ویستی پەنابەران قایل نییە، بەتایبەت لەبارودۆخی سیاسیو ئابوری ئەمڕۆی جیهانو ئەوروپادا، کەبوونو نەبوونی کار بەکۆمەڵێك فاکتەری تری دەرەوەی ویستو ئارەزووەکانی پەنابەرانەوە گرێدراوە، کەناتوانین یەك لایەنە تەماشای بەدەستهێنانی ئیشوکار بکەینو پێمانوابێت ئەگەر پەنابەر خۆی هەوڵبدات، ئەوا کێشەی کاری چارەسەر دەکرێت. ئەمە جگە لەوەی لە هەموو حاڵێکدا کارکردنو تەنانەت باشبوونی باری ئابوری ژیان، تەنیا دوێکی کارای کڵاوڕۆژنەیەکە، کەبتوانێت لە ژیانێکی باشتر بەهرەمەندمان بکات. بەتایبەت کە ئێمە لە کۆمەڵگایەکدا ژیان بەسەردەبەین، کە قەیرانێکی ئابوری بەرۆکی بە سەرمایەداری ئەم وڵاتانە گرتووە کە کارەساتێکی گەورەی بۆ بەشێکی بەرچاو لەخەڵکی ئەمولاتانە خوڵقاندوە کەتێدا پەنابەران پشکی شێریان بەردەکەوێ لە شکاندنەوەی ئەو قەیرانە بەسەریانداو لەڕیزی پیشەوەی هەڕەشەیوەدەرنان لەشوێنی کاردا. بەتایبەت کەسەرنجی بەرزبوونەوەی ڕێژەی بکاری دەدەین لەماوەی ٢ ساڵی ڕابردودا لەم وڵاتانەدا، چەندین ملیۆن بێکاری بەدوای خۆیدا کێشا. ئەم دۆخەش وەك وتمان، بەپلەی یەکەم بەسەر کرێکارانو کۆچکردوانو پەنابەراندا دەشکێتەوەو هاوکات کۆمەڵێك کاریگەری تر بەدوای خۆیدا کیش دەکات، کە دەتوانن مەترسیەکی جدی بۆ ژیانی پەنابەرانو کۆچکردوانو تەنانەت بۆ خەڵکی ئەم وڵاتانەش بخولقێنێت، کە بەهێزبوونی ڕاسیزمو نەژادپەرستیە. کەواتە ئەم قەیرانو کێشە ئابورییە، کێشەگەلێکی سیاسی بەدوای خۆیدا خوڵقاندوە بۆیە لەپرۆسەی جێگەوتنی پەنابەراندا، لەبەرچاوگرتنی دۆخی سیاسی تایبەتمەندیەکی بەرچاوی هەیەو ناکرێ فەرامۆشی بکەین. هەر بەم مانایە ناکرێ پەنابەر لەم کۆمەڵگایانەدا، وەك میوانێك خۆی بببینێتەوەو پێوابێ کە ئەو کێشانە پەیوەندییەکیان بەوەوە نییەو دەبێت خاوەن ماڵ چارەسەری بکات. کە دروست ئەمە لایەنێکی لاوازو نادروستی لێکدانەوەکەی د. ڕێبوارە، کاتێك کەباس لە «خانەخوێ» بوون دەکات ئەمە ئیتر جێگەیەك بۆ دەخاڵەتکردن ناهێڵێتەوە، چونکە لەم حاڵەدا، تۆ میوانیتو ماڵ ماڵی خۆت نییە، نە دەتوانیتو نەپێویست دەکات وەك ئەندامێکی ئەو کۆمەڵگایە، پێگەیەك بۆ خۆت قایل بیتو وەك چۆن خۆت بەخاوەنی ماف دەزانیت، بەهەمانشێوەش هەست بە بەرپرسیاریەتیش بکەیت. لە کاتێکدا لەعالەمی واقعدا بەپێچەوانەوە پەنابەرو کۆچکردو وەك هەر تاکێکی ئەو کۆمەڵگایە، دەورێکی بەرچاوی هەیە لە بنیادنانو دروستکردنی ئەو کۆمەڵگایەداو لە هەندێ قۆناغی مێژوویدا ئەو پێگەیە زۆر بەرچاوتر بووەتەوە، وەك ئەوەی کە لەپاش شەڕی جیهانی دووەهەم، وڵاتانی ئەوروپا بەمەبەستی بنیادنانەوەی کۆمەڵگاو کێشکردنی هیزی کاری هەرزان، دەروازەیان بە ڕووی پەنابەرانوکۆچکردواندا کردەوەو تانانەت کار گەشت بەوەی، لە هەندێ وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، وەك میسرو تورکیا نووسینگەی تایبەت بۆ ناونووسکردنی کرێکاران کرایەوە، کەهەر لەو سەردەمانەدا سەدان هەزار کرێکار ڕوویانکرد ئەڵمانو وڵاتانی تری ئەوروپا. لەنێویاندا کرێکارانو کۆچکردوانی تورکیا، ڕێژەیەکی بەرچاویان پێکدەهێنا، کەئێستە تەنیا لە ئەڵمان زیاتر لە دوو ملیون کۆچکردوی خەڵکی تورکیا لە ئەڵمان ژیان بەسەر دەبەن. هۆکاری ئەم پێشوازی کردنە لەخاریجیان لەو قوناغەدا، دەگەڕێتەوە بۆ دوو خاڵی سەرەکی لەلایەك شەڕی جیهانی دووەهەم وێرانکارییەکی گەورەی لەوڵاتانی ئەوروپادا خوڵقاندو لەمبارەشەوە بنیادنانەوەی ئەوروپا پێویستی بە هێزی کاری هەرزان بوو، بەتایبەت لەکاتێکدا کە شەڕو کوشتار بووە هۆی گیان لەدەستدانی ملیونەها ڕەگەزی نێر، ئەمەش وەك خاڵی دووەهەم دەروازەی لە ڕووی کرێکارانو کوچکردوانی خارجیدا کردەوە کە ئەوسەردەمانە بە «کرێکارانی میوان، یان میوانە ئازیزەکان» بانگێشت دەکران. مانەوەو درێژەپێدانی ژیانی کاری بۆ کرێکارانی خارجی لەم وڵاتانەدا، بزوتنەوەی کرێکاریو سۆسیالیستی ڕووبەڕووی بەرپرسیارییەتی کردەوە بۆ داکۆکیکردن لەمافو ئازادییەکانیان، تاکار بەوەگەشت کەخوازیاری مافی بەرابەربن بۆ کرێکارانی خارجیو داخلی. ئەمڕۆش لەسایەی هەمان قەیرانی ئابوریدا، دەبین تەنانەت بەشێك لەبزوتنەوەی کرێکاری ئەم وڵاتانە چۆن کەوتوونەتە ژێرباری کاریگەری پڕوپاگەندەی باڵی ڕاستی بۆرژوازیو ڕاسیزمو نژادپەرستی ئەموڵاتانەو چارەسەرکردنی کێشەی بێکارییان لەوەدەرنانی کرێکارانی خارجیدا دەبیننەوە. هەربۆیە کاتێك کە بەوشێوە هاوکێشەکە پێچەوانەوە دەبێتەوە، ئیتر کرێکارانی میوان جێگەی خۆی دەدات بەوەدەرنانی کۆچکراوانو پەنابەرانی «سەر ڕەش، خارجی، مشەخۆر، تیرۆریست، توندوتیژکەر...». هەڵبەتە ئیرهابو توندوتیژی کارنامەی ئیسلامی سیاسی لەم ساڵانەی دوایدا، لەبەهێزکردنی ئەو ئاراستە نەگەتیڤانەدا ڕۆڵێکی یەکجار گەورەیان هەبووە!

بەکورتی ئەوەی لەمبارەوە دەمەوێ پێی لەسەربداگرم ئەوەیە، کە کولتوور خۆبەخۆی ناتوانێت هەڵقەی سەرەکی جێکەوتنی پەنابەر بێت لەم کۆمەڵگایانەدا، وەك ئەوەی کە د. ڕێبوار دەڵێ: خۆشبەختانە دەکرێت کلتووری جودا لەکۆمەڵگەیەکی هەمەڕەنگی وەك بەریتانیدا، بکرێتە ئامڕازی کاریگەری دانوسانو کاردۆزینەوە. بەڵام هەروەك وەك وتمان، ئەگەر کار، یەکێك لە پایەکانی جێکەوتن (ئەنتیگراسیون)یش بێت لەم وڵاتانەدا، خۆبەخۆ ناتوانێ هەموو شتێك بێت. لایەنێکی تری ئەم باسە کەجێگەی تیاڕامانە، ئەویش سەبارەت بە جێگەو ڕێگەی کولتوورە. کەلەبەشێکی تری باسەکەیدا دەڵێ: من لێرەدا باس لەخاس کولتوورو بەد کولتوور ناکەم. ناشتوانین بڵێین کولتوورێك باشەو یەکێکی دی خراپ. هەڵبەت کولتووری کوردی تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە ڕەنگە نامۆ بێت بەکۆمەڵگەی بەریتانیوکاریگەری نەگەتیڤیان لەسەر کەسی کورد هەبێت، کەبیەوێت ژیانی خۆی لەکۆمەڵگەیەکی خانەخوێدا دابمەزرێنێت. سەرەتا پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا بەشێوەیەکی گشتی کولتوور دیاردەیەکی چەق بەستووی نەگۆڕو ڕاوەستاوە، یاوەك هەر دیدێکی کۆمەڵایەتی، قابیلی ئاڵوگۆڕو گەشەسەندنە؟ ئایا کولتووری کۆمەڵگای کوردستان، ئێستەو ٥٠ ساڵ لەمەوبەروەك یەکوایە؟ ئایا قبووڵمانە کە قوناغێکی ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، جۆرێك لە کولتوور لەگەڵ خۆیدا بەرهەم دێنێت، کە ناکرێ بۆ هەمیشە بەپیرۆزو پارێزراو لەقەڵەم بدرێت. ئایا قبوڵمانە کە ژینگەی کۆمەڵایەتی، هەموو گۆڕانکارییە سیاسی، کۆمەڵایەتی ئابورییەکان جۆرێك لە کولتوور، لەگەڵ خۆیدا پەلکێش دەکات، کە تیاڕامانو خوێندنەوەیەکیتر هەڵدەگرێت. ئەی کەواتە ئەو تایبەتمەندیو هونەرەی کولتووری کوردی لە چیدایە، کەدەبێ بۆ هەمیشە بەپارێزراو مقدەس ڕابگیرێت. بەتایبەت ئەمە لەکاتێکدایە، کە د. ڕێبوار خۆی دان بەو ڕاستیەدا دەنێت، کە «..هەڵبەت کولتووری کوردی تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە ڕەنگە نامۆ بێت بە کۆمەڵگەی بەریتانیوکاریگەری نەگەتیڤیان لەسەر کەسی کورد هەبێت، کەبیەوێت ژیانی خۆی لەکۆمەڵگەیەکی خانەخوێدا دابمەزرێنێت». کەواتە بەپێچەوانەی بۆچوونەکەی ئەم بەڕێزە، دروست قسە لەسەر بوونی کلتووری باشوخراپە. کۆمەڵگای کوردستان، وەك هەر کۆمەڵگایەکی تر کۆمەڵگەیەکی چینایەتییە، ژیانو بەرژەوەندییە سیاسیو کۆمەڵایەتیو تەنانەت ئابورییەکانیش جیاوازن، هەربۆیە ئاساییە کە دابونەریتو کلتووری جیاوازیش، لەم کۆمەڵگایەدا بەدیبکرێت. گومانم نییە لەوەی، کە کاك ڕێبوار داکۆکی لە خەتەنەکردنی کچانو لەسەر بێشکە بەشودانو گەورە بەبچوكو ژن بەژن بکات. ئەی دەبێت چی بێ وا لەئێمە بکات، کە بڵێین ئەو کلتوورو دابو نەریتەی کەپێگەی نامۆسپەرستی بەهێز دەکاتو دەیان کچو ژنی پەنابەری لەسایەدا بووتە قوربانی، ناکرێ پێی بڵێین کولتووری خراپ؟ بەهەرحاڵ بەشێك لەخەڵکی کوردستانو دابونەریتو کلتوورو ئەو باوەڕە ئاینییەی کە باسی دەکەن، شەرعییەت بە سەرکوتی ژنانو سزادانو کوشتنو لەخوێن هەڵکێشانەی جەستەیان دەکات. کەواتە بۆ ناکرێ قسە لەسەر کلتووری باشو خراپ بکەین؟ هەرلێرەشەوە ئەوە بڵێین، کە ئەم بۆچوونە خۆبەخۆ بەمانای پەسەندکردنی هەموو کولتوورو دابونەریتێکی ئەم وڵاتانەی ئەوروپا نییە، بەڵکو سەرباری بەراورد نەکردنی لەگەڵ وڵاتانی بەئیسلام ناسراو یا وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، هێشتا دەکرێ، باسلە کولتووری باشو خراپی نێو ئەم کۆمەڵگایانەش بکەین. لەکۆتایی ئەم باسەدا، ئەوەش بڵێین، هەروەك خۆتان ئاماژەی پێدەکەن، «کۆمەڵگەی ئەورووپی، زۆرتر کولتووری «من» زاڵە تا «ئێمە» بەڵام ئەمە بەرلەوەی کە لەبەر گرنگی ناسینی کۆمەڵگە بێت، ڕیشەی لە دەستەبەر کردنی مافو ئازادییەکانی هاوڵاتیاندایە، ڕیشەی لەبوونی ئەندازیەك لە سەربەخۆیی ئابوریو بوونی بیمەو خزمەتگوزارییەکانو بەهاو حومەرتی ئینسانی تاکەکانی کۆمەڵگادایە. لەڕاستیدا، ئەگەر لە کۆمەڵگای خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیشدا، هەمان مافو ئازادی بۆ ئینسانەکان دەستەبەرکرایە، ئەوکاتە لێکدانەوەو خوێندنەوەمان بۆ کولتووریش بەهاو ئازادیو سەروەریوئاسیشی ئینسانەکان دەبوو نەك چاوپۆشیکردن لە کولتوورگەلێك کە شەرمەزارییە بۆ مرۆڤایەتی!